# چارەنووسی یەکێك لە کوردە هەرەشەلێکراوەکان

لە 2006/5/28 تیرۆریستەکان هێرش دەکەنە سەر خانم( سوهێل مەحەممەد مەحمود ) و دوو فیشەك بەر شان و پشتی دەکەوێ و دوو ناسیاوی کورد بە ناوی(سەرکێو ستار ئەمین و نەسرین جەبار) بەسەختی بریندارکران. پێش دوو مانگ تیرۆریستەکان لە شاری رومادی بە هەرەشەی کوشتن، داوایان لێ کردین شارەکە بەجێبهێڵین، چونکە ئێمە کوردین و بەمەزهەب شیعەین، گەرچی30ساڵە لە رومادی دەژین، بۆیە بەناچاری هاتین بۆ خانەقی و سەردانی (قائیمقام)مان کرد بۆ ئەوەی ژوورێك یان پارچە زەوییەکمان بۆ دابین بکات، تا ئێمەش بە زووترین کات، بیکەین بە خانوو، بەڵام بەداخەوە قائیمقام پێی گوتین:





(من لە کوێ زەوی بۆ ئێوە بهێنم. لە کوێ زەوی هەیە لە خانەقی). کاتێك بۆ جاری دووهەم و بۆ هەمان مەبەست، سەردانیمان کرد، پێی وتین: (ئەگەر بەخۆتان شوێنێك بدۆزنەوەو وەرن پێم بڵێن). ئێمەش هەستاین بە گەڕان بەدوای شوێنێك و لە نزیگ(باخی خۆشی) ژوورێکمان بینی و پێمان وت، بەڵام قائیمقام وتی(من ناتوانم ئەو ژوورە بە ئێوە بدەم) بەناچاری سەرەڕای هەرەشەی تیرۆریستەکان گەڕاینەوە بۆ رومادی، و تیرۆیستەکان هەرەشەکەیان جێبەجێ کرد و ئەمە حاڵمە.

ئێمە شەش سەر خێزانین و 5کەسمان بێکارە و لەو رۆژەوە کە ئەمریکییەکان باوکمیان دەستگیرکردووە لەبەر نزیکی ناوەکەی لە ناوی بەرپرسێکی تیرۆریستەکان لە رومادی، من خێزانەکەمان بەخێودەکەم. من لە ئارایشگای ژنان کارم دەکرد و لە هەمان کاتدا قوتابی دوا ساڵی پەیمانگای مامۆستایانم. ئێستا سەرەڕای بریندارببوونم، دەبێ بۆ رومادی بگەڕێمەوە، چونکە هێشتا ئیمتحانێکم ماوە. لەو رۆژەوە لە نەخۆشخانەم، ژوورێکی بێ کارەبا و ئاو لە بانمیل بە(100هەزار دینار) بەکرێ گرتووە.

شایانی باسە نزیکەی 450خێزانی کوردی هەرەشەلێکراو یان لەترسی تیرۆریستان روویان لە خانەقی کردووە. لەم بارەیەوە عومەر مەنسوور(بەرپرسی رێکخراوی فریاکەوتنی مرۆیی خانەقی)وتی: (ئێستا ئێمە بە هاوکاری وەزارەتی مافی مرۆڤ و بەڕێوبەرایەتی ئاوارە و ئەنفالی گەرمیان) 400خێوەت و پێداویستییە سەرەتاییەکان وەرگرتووە و خۆمان خەرجی گواستنەوە و داگرتن هەڵگرتووەو دەمانەوێ

**ئۆردوگایەك داكوزرێنن بۆ ئەو قوربانییانە، بەڵام هێشتا شوێنەكەی دیاری نەكراوە و بەزووترین كات دەمانەوێت لەگەڵ قائیمقام و ئەنجومەنی شارەوانی خانەقی كۆببینەوە تا شوێنێك بۆ ئۆردوگاكە دیاری بكرێت).**

**سەلام عەبدوڵڵا**

2006/6/3

**ژمارەی تەلەفۆن:** 07701929872

dwaroj@yahoo.de